www.kurdistannet.org

بەکاتی ناوەندی ئەوروپا 29-11-2006 10:12

# دەمەوێت شتێک بڵێم کە (هیچ) ە... ئەڤین ئاسۆ



من خاڵی نیم لە گومان
هیچ شتێکیش شک نابە م
کە پڕبێت لە وە ڵامی پرسیارە کانم
دە مە وێت
دوێنێی خۆم لە بیر بکە م
لە مرۆم بێئاگابم
چاوە ڕوانی سبە ینێم نە کە م
ژیان پڕیە تی لە هیچ
ژیان پڕیە تی لە بە تاڵیە کی بێ مانا
پڕیە تی لە خاڵیە کی بێ ئومێد
دە مە وێت
بە یانیە ک دڵۆپە شە ونمێک
ماچ بکە م و
قۆڵ بکە م بە قۆڵی (با) دا و
دە ست لە کە مە ری گوڵێک
گیر بکە م
نیوە ڕۆیە کی پایز
دڵی گە ڵایە ک بە رم بۆ خۆم
لە قە راغ دە ریادا دانیشم
هە ناسە ی خاک هە ڵمژم
ئێوارە یە کی ئە رخە وانی
بە شە قامە ئاوییە کە ی
ڕۆحی خۆرداگوزە ر بکە م
لە کە ناری دڵی مانگدا
کە زیە کانم شانە بکە م و
چاوشارکێیە کی ئاشقانە
لە گە ڵ ئە ستێرە کان بکە م
ماڵە باجێنە یە کی تە نیایی
لە سە ر هە ورە کان بکە م
کچێنی خۆم ببە خشمە هە ور
ببمە ژنی باران و
منداڵێکی بە فری بخە ینە وە
(ناوی بنێم ئاو)